# ئەو قاچاقچیانەی

## پەنابەران بە تالان کردن دەدەن

**برایم جەهانگیری**

لە هەولێری پێتەختی هەرێم دوو قاچاقچی ئێرانی دادەنیشن کە دوور لە هەموو نەریتێکی ئینسانی پەنابەران بە تالان کردن دەدەن. ئەم دوو قاچاقچی یە کە ناوەکانیان "م " و "ن "ە بە زۆری لەو پەنابەرانە دەخەفتێن کە واز لە حیزبە کوردستانیو ئێرانی یەکان دێنن یان لە کاری تەواو وەخت لە ریزی ئەو حیزبانەدا خۆ دەکێشنەوە.

ئەو قاچاقچی یانە وەك کەمین دانانەوە کەمین بۆ ئەو کەسانە دادەنێنەوە کە بە هۆی چەند کەسێکەوە دەستبەجێ ئاگاداری ئەوە دەبن کێ واز لەو حیزبانە دێنێ. هەر بۆیە دەستبەجێ دەگەنە سەریان، بە زمانی تایبەتی خۆیان، بە گفتولفتێکی گەلێ شیرین بەم جۆرە لەگەڵی دەدوێن ***"ئێمە بە زەمانەت بەرێت دەکەین، جگە لە سێ سەعات هەتا شاری " وان " بە سەیارە (ماشێن) دەرۆی، هەر لەسەر حدوود جانتاکەت تەسلیم بە یەکەم ماڵی گوندەکە دەکەی کە ئێوەی دەچنێ! خەمتان نەبێ لە "وان " وەری دەگرنەوە!".***

دیارە زۆر وتەی لەوانە شیرینترو چەورو نەرمتریش لە گیرفانیان دەردێنن، بەڵام راستیی داستانەکە شتێکی دیکەیە، ئەو قسانە هەر ئەوەندە بە کەڵك دێ هەتا پەنابەری هەڵوەدا دەرێیە دەکەن، پاشان وەك پووشی بەربا ئاسەواریان نامێنێ، کوێرەوەریو چەرمەسەری دەست پێدەکا. دۆستێك دەیگێراوەو دەی گوت: "لە کوورانی عەنکاوە لە ماڵی یەکێك لە دەستو پێوەندییەکانی ئەو قاچاقچی یانە دانیشتبووین لەوێ قەرارو مەدارمان دانا، هەموو ئەو شتانەی لەسەرەوە هاتوون (وەك قەراری قاچاقچی یەکان) لەگەڵ ئەویشیان باس کردەبووو بە ٤٠٠ دۆلار قسەیان بڕابووەوە، کاتێك وەڕێدەکەون لە یەکەم شوێن دا کە قەرار بوو بە ماشێن هەتا سەر حدوود بیانبەن ٤ سەعات پێش ئەوەی بگەنە حدوود ماشێن دایبەزاندنو هەر چەندی کردبوویان ماشێنەکە نەیبردبوون، کاتێك بە تووڕەیی لە قاچاقچیو دەلیلەکەیان پرسیبوو بۆچ لێرە دامان دەبەزێنن، ئەویش گوتبووی کاك " م " و " ن " هەر هەتا ئێرە پارەیان داوە بە ماشێنەکە! دیارە ئەو قاچاقچی یە بێئینسافانە لە سێ کەس ١٤٠٠ دۆلار پووڵیان وەرگرتبوو، بەلام بۆ هەر سێکیان تەنیا ٤٠٠ دیناریان دابوو بەو ماشێنە کە دەبوو بیانگەیەنێتە سەر حدووی تورکیە.

هەر ئەو دۆستە دەیگێراوەو دەیگوت لە یەکەم گوندی سەر حدوودیش کەس حازر نەبوو رایانگرێو کەسیش جانتای لێتەحویل وەرنەگرتبوون. زستانو سەرماش باری سەرباری هەموو دەردان بوو پاش ئەوەی پارووە نانێکیان دابوونێ بە پەلە دووبارە بەو شەوە سێ سەعاتی دیکە بەرێیەدا دەرۆن تا دەگەنە گوندێك، لە نزیك گوندەکە لە کاتێکدا کرێوەی دەکردو سەرمایەك بوو تفت هەڵاویشتبا دەی بەست، تا سەعات ١٢ی شەو ئەو دۆستەو دوو هاورێی دیکەیان وەشاخی خستبووو پاشان بە شوێنیان دا هاتبوونەوەو بردەبوویانە ناو گوندی تا سبەی ئێوارێ لەوێ دەبنو دووبارە دەرێیە دەکەونو ٥ سەعاتی دیکەش دەڕۆن دیارە هەر بە پێو جانتا لە کۆڵ.

لە کورتی ببڕینەوە ئەو برادەرە تا "گەوەڕ " هەژدە سەعات بە پێ هاتبووو جانتاکەشی بە کۆڵو بە کرێکۆڵ تا ئەوێ هێنابوو. تەنیا ٣٠ دۆلار کرێی جانتاکەی دەدا بە کۆڵ کێشێك، لە گوندێکی نزیك " گەوەڕ " دەمێنێتەوە پاش دوو شەو دووبارە دێن بە شوێنیان داو ئەمجار بە ماشێن هەڵیاندەگرن، بەڵام جانتاکان لەو گوندە بەجێدێڵن، ئەو مەودایەی "گەوەڕ "و " وان " بە شەش سەعات

دەبڕنو لە شەش شوێن لە سەیارە دادەبەزنو بە پێو لەسەر زگ خوشین، شوێنە ئاستەمەکان دەبڕن. ئەو دۆستە دەیگوت لە شوێنێك بە یەکێك لە هاوڕێکانم گوت، ئەگەر هەر کەس لە ئێمە ئەوەندەی ئەو چوار ڕۆژەی دەو ڕێگایەی دا کوێرەوەریمان دیوە، کوێرەوەریی بۆ رزگاریی کوردستان دیتبا، کوردستان رزگار دەبوو.

بەڵێ جا لە کۆتایی داستان دا کاتێك دەگەنە " وان "و پاش چەند ڕۆژ جانتاکانیان بۆ دێنن، جانتای بەتاڵو حەتاڵ، تەنانەت گۆرەویو فلچەی ریش تاشینو نینۆککرو کەوشو . . . ئەوەی بەکار هاتبوو لێیان دەرهێنابوو.

لەو بارەوە پرسیارم لە زۆر کەسی دیکە کرد هەمووی هەر بەو چەشنە هاتبوونو لە کۆتاییشدا تالان کرابوون، پیاوێکی پیری نەخۆش بەناوی " ق - ف " کە ئەویش هەر ئەو قاچاقچی یانە هێنابوویان دەیگوت: ***" لە ڕێگادا ١٠٠ دۆلارو ١٠٠ میلیۆن لیرەی تورکیان زیادی لێ ئەستاندوومو گوتوویانە دەنا دەتانگێڕینەوە "*** . ئەویش کە ٥-٤ ئافرەتی لەگەڵدابووە ناچار ملکەچی ئەو قاچاقچی یە بێویژدانانە بووە. هەروەها پێشمەرگەیەکی ١٧ساڵەش بەناوی " ع " دەیگوت: ***" ئێمە سێ کەس بووین هەر جانتای بەتاڵیشیان نەدراینەوە"*** .

جا ئەوە حاڵو گوزەرانی پەنابەرانی کوردە، بۆ گەیشتن بە "وان " کە دەگەنە " وان " تازە دەردی سەر دەست پێدەکا. دەبێ بچن بۆ" UN"، بەڵام چ " UN" یێك، خەواڵووو تەپلۆس، پیاو وەبیر کارمەندەکانی بانکە ئێرانی یەکان دەکەوێ، لەوێش کاری ٥ کارمەند بە کارمەندێك دەکەن. " UN " ی "وان " یش وایە. جا لەوەش گەڕێ ئیوایە چەند ساڵ پێشمەرگە بووە ئێستا زیاتر لە ساڵێکە لە شاری "وان " دادەنیشێ، هیچ چارەنووسێکی دیار نیە، گوایە لە کوردستانی عێراق ئەمنییەت هەیەو ئەوانە لە ختو خۆرایی روو لە شاری "وان " دەکەن. کەس نیە بڵێ ئەدی زیاتر لە سەد کەس پێشمەرگەو ئەندام - ی حیزبو لایەنە سیاسییەکانی ئێران لە چەند ساڵی رابردوودا لە کوێ تیرۆر کراون؟